# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

# تاراوگە
TARAWGA

**25 Maart. 2019 No. [38]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**

تیرێژێک بۆ سەر مێژووی تەلارسازی کورد، نوسینی: بەکر شوانی... ل 1

کتێبی ئەڵمانیی – (جوانیی چەواشە)* ئامادەکردنی: م. ئارام.. ل 2

چاوخشاندنێک بە چەند ژمارەیەکی تاراوگەدا، نوری کەریم..کتێبی (دەستەڵاتی ئەفسانەی-خۆزیف کامبڵ، ڕۆمانی سەد ساڵ دوورەپەرێزی- مارگیز- سەلاح حەسەن پاڵەوان ل 3

وەرگێڕی کارامە مامۆستا جــــوهەر مەحمود داراغـا بناسە...!- ل4

چالاکییەکی ڕێکخراوی دیاکۆ لە ئیتالیا، ئاهەنگی نەورۆز.. ل 5

ئەو ڕۆژانەی کەرکوک نیوەی باشوری کوردستان بوو، نوسینی دکتۆر جەبار قادر ل 7

هونەرمەندی شێوەکاری کورد بەیان مانی...ل8



KURDISH DIASPORA

تاراوگە
TARAWGA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت


25 Maart 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 38
25 مارتی 2019


# کورد ڕۆڵێکی دیاری هەبووە، لە بواری تەلاسازیدا، نەک لە کوردستان، بگرە لە وڵاتانی دەوروبەریش

## تیریژێک بۆ سەر مێژووی تەلارسازیی کورد

بەکر شوانی

جاروبار لێرە و لەوێ دەنگێکی نەشاز بەرز دەبێتەوە و دەڵێت "ئەگەر کورد لە مێژوودا خاوەن شارستانی بوایە، ئەوا شوێنەواری مێژوویی لە پاش بەجێ دەما." مێژووناسی کورد فەهمی گور لە کتێبێکدا بە ناوونیشانی "تەلارسازیی کورد لە چاخی ناوین و دواتردا"، وەڵامێکی پڕ بە پێستی ئەو پڕوپاگەندانە دەداتەوە و بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە کورد ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە بواری تەلاسازیدا، نەک لە کوردستان، بگرە لە وڵاتانی دەوروبەریش. بەڵام لەبەرئەوەی ئەو هونەرە کەم جار لە سایەی دەسەڵاتی کوردی و زۆر جار لە سایەی دەسەڵاتی ناکوردیدا بووە، لە مێژوودا بەناوی کوردەوە تۆمار نەکراوە. کتێبی "تەلارسازیی کورد لە چاخی ناوین و دواتردا" بە زمانی تورکی لە دەزگای بڵاوکردنەوەی "هەدەف ئای" لە شاری وان چاپ کراوە و نووسەر سوودی لە 118 سەرچاوەی تورکی و بیانی و لێکۆڵینەوەی چەندین زانکۆ وەرگرتووە. گور بە پشتبەستن بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و سەرچاوەی جۆراوجۆر بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە زۆربەی ئەو مزگەوت، حوجرەی فەقێ، گڵکۆ، خان، کاروانسەرای، تەکیە، قەڵا، پرد، گەرماو، سەرکانی، خانوو و کۆشکە مێژووییانەی لە تورکیا (باکوری کوردستان) هەن و لە قوتابخانەدا وەک پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی دەناسێندرێن، لە ڕاستیدا بەدەست و لەلایەن کوردەوە بنیات نراون. 11 لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکە تەرخان کراون بۆ خستنەڕووی ئەو کۆشک و قەڵا و تەلارانەی کە لە سیلڤانەوە تا حەڵەب و لە شامەوە تا قاهیرە لەسەر دەستی کورد بنیات نراون . عەشیرەتی خارپووتی کورد توانی لە ساڵی 981ی زایینیدا دەوڵەتێکی کوردی بەناوی دەوڵەتی مەروانی دابمەزرێنێت و ئەم دەوڵەتە تا ساڵی 1087 بەردەوام بوو. پایتەختی دەوڵەتی مەروانی لە سیلڤان (فارقین)ی ئەمڕۆ بوو کە لەم سەردەمەدا قەزایەکی سەر بە دیاربەکرە. دیاربەکر و زۆر ناوچەی تریش لە سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی مەروانیدا بوون. مێژووناس فەهمی گور لەم کتێبەی خۆیدا بە بەڵگەوە ئەوە دەخاتە ڕوو، کە




دەوڵەتی مەروانی بایەخێکی زۆری بە ئاوەدانکردنەوە و تەلارسازی داوە و کوردە مەروانییەکان لە ماوەی 106 ساڵ تەمەنی دەوڵەتداریدا، ژمارەیەکی زۆر مزگەوت و حوجرە و کۆشک و پردیان، لە سنووری قەڵەمڕەوی خۆیاندا بنیات ناوە، کە ئەمڕۆ لە تورکیا وەک پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی تۆمار کراون. گور لە پێشەکیی کتێبەکەدا دەنووسێت: "... وەک دوایین خاڵ دەمەوێت سەبارەت بە تەلارسازیی کورد بڵێم لەبەرئەوەی ئەم چەمکە نوێیە، پێشبینی دەکەم گفتوگۆی ئەرێنی و نەرێنی زۆری لەبارەوە بکرێت. من لەو کەسانەم کە پێیان وایە گفتوگۆیەکی لەو جۆرە بەسوود دەبێت. پاشماوە مێژووییەکانی بواری تەلارسازیی کورد لە سەردەمی دەوڵەتی کوردیی مەروانییەوە دەست بە بنیاتنانیان کراوە و بەشێکیان ئەگەر بە نیوەناچڵیش بێت، گەیشتوونەتە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان. ئامانجی من لەم کارە خستنەڕووی زانیارییە سەبارەت بەو پاشماوانە و ئومێدمان وایە لەبەر ڕۆشنایی بەڵگە مێژووییەکاندا نۆژەن بکرێنەوە و ڕادەستی نەوەکانی داهاتوو بکرێن". کتێبی "تەلاسازیی کورد لە چاخی ناوین و دواتردا" هێژای ئەوەیە وەک سەرچاوەیەکی زانستی لەلایەن کۆلێژەکانی ئەندازیاریی زانکۆکانی کوردستانەوە بکرێت بە کوردی.

# کتێبی ئەڵمانیی - (جوانیی چەواشە)* م. ئارام



ئەوە سەرناوی کتێبێکی ئەڵمانیی ٢٥٩ لاپەڕەییە، ساڵی ٢٠٠٩ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە چەند پاژێکی گرنگدا باسی چەواشەکاریی نەشتەرگەریی خۆجوانکردن ئەکات، ئەوەی گرنگیی بەم کتێبە ئەدا ئەوەیە، کە نووسەرەکەی یەکێکە لە بەناوبانگترین بژیشکی نەشتەرگەریی جوانکردن لە ئەوروپا و کلینیکی گەورە و تایبەتی خۆی هەیە لە ئەڵمانیا، ئەو دوکتۆرە ناوی پرۆفیسۆر (ڤێرنەر مانگ)ە. کە سەیری دەموچاوی ئەم بزیشکە ئەکەی، لەوانەیە بڵێی خۆی پێویستی بە نەشتەرگەریی لووت و لابردنی چرچی لالغاوەی دەم و پچووککردنەوەی هەڵئاوسانی بەرچاوی هەیە! جارێکیان لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا پرسیاری ئەوەیان لێ کرد، بۆچی لووتی خۆی جوانتر ناکا، وەڵامەکەی شتێک بوو لەو جۆرەی: "خۆ من شێت نەبووم!". ئەم پزیشکە زەنگی مەترسیی لێ ئەدا؛ سەرئەنجامی زۆر لەو نەشتەگەرییانە، لێپەیدابوونی لوو و گرێ و قۆرتە لە شوێنەکەی، کە گەشەسەندنێکی دژە سروشتییە.




ڤێرنەر مانگ ئەڵێ: "لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، کە بێ ئەملاولاکردن، هەموو شێوەیەکی پووکانەوە و پیربوونی سروشتی ئەداتە دواوە، ئەو هەوڵدانە بەتاوەی بۆ جوانیی ئەدرێ، تا بێ زیاتر ئەبێت بە ڕێژگاوییەکی دژ بە خۆ". لچ و لێوی چووپی قەیاخی، لەش و لاری وەک بووکڵەی باربی، سمت و مەمک بە سیلیکۆن ئاخنینەوە، ناوقەدی زەردەزیرەیی بە لێکردنەوە و دەرهێنانی پەراسووەکانی خوارەوە – نەشتەرگەریی جوانیی لە سەردەمی ڕێژگاویی لاوان و جیهانی ناوبانگی ساختەدا، لە لوتکەی گەشەسەندنێکی سامناک و زیان بە تەندروستی گەیەنەردایە. ئەم دیاردەیەی سەرکردنە سەر نەشتەرگەریی بۆ خۆجوانکردن، لە باشووری کوردستان ئەوەندە لە شۆڕدەرکراوە، چۆتە بواری شێتی و وێتی و خۆخڵەتاندن و خەڵک خڵەتاندنەوە، لووت بچووککردنەوە یا گەورەکردنی، گوێ کورتکرنەوە، چەوریی دەرهێنان لە سک و ڕان، گەورەکردنی سمت و ساتان، نەهێشتنی چرچی دەموچاو بە شرینقەی بۆتۆکس و شتی سەیر و سەمەرەی تر، کە فڵان و فیسار پزیشکی بەناوبانگی عەرەب و تورک و فارس و ئینگلیز و ... بە هەلی ئەزانن خۆیان بگەیەننە کوردستان و بە سەر ئەو کانە زێڕەدا بکەون، لە پێشەوە بە بانگەشە و بەرنامەی تایبەتی، ناو و ناوبانگ و دەستڕەنگینییان دەماودەم، هەروەها لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوەکانەوە بە وڵاتدا بڵاوئەکرێتەوە. کاتێک کە جوانیی مرۆڤی کورد، لە سنوورە سروشتییە ئاساییەکەی خۆی، دەرئەچێت (چونکە هەر کەسێک بگری، لە پێستی خۆیدا بەشی خۆی جوانە و پێویست ناکات، خۆی بۆ هیچ کەسێک بە نەشتەرگەریی جوان بکات). ئیتر شاعیر و نووسەران هیچ بوارێکیان بۆ نامێنێتەوە، بە کچێک یا بە ئافرەتێکی جواندا هەڵبدەن.



بۆ کچێکی جوان بنووسێ، کە لەکاتی پێکەنیندا، هەردوو گوپی (چونکە کوڵمە سرووشتییەکەی نەماوە و بە نەشتەرگەریی گەورەی کردوون)، بەنارێکی وا هەڵئەقوتێن، وەکو ئەوەی هەریەکێکیان سابونێکی (الجمال)ی تێخنرابێت. شاعیری عاشق کەموکووڕی و ناشیرینیی یارەکەشی لاجوانە، ئەوە نییە (نالی)ی شاعیری هەرە گەورەمان چەند بە جوانی باسی چاوخێلیی مەحبوبەی یاری ئەکات:

پێم دەڵێن: مەحبووبە خێل و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا
خێل و قیچە، یا ترازووی نازی نەختێ سەر دەکا؟!
خێل و قیچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو
مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەیکەر دەکا؟!

بەڵام ئەبێ ئەوەش بگوترێت، ئەو جۆرە نەشتەرگەریی جوانکردنانە، ئەوکاتە پێویست ئەبن، کە کەسێک بە هۆی ڕووداوێکەوە، ڕووی، ئەندامێک، چەند ئەندامێکی لەشی شێوابن، بە زگماکی کەل و کووڕ و ناتەواو بن، یان بە هۆی نەخۆشییەوە و لە ناچارییدا بەشێک لە ئەندامی لەشیان لە دەست دابێت. ڕێژگاویی خۆجوانکردن و گۆڕینی شێوەی لووت و دەم و چەنە و لاجانگ و شوێنەکانی تری لەش، بە زۆریی لە ناو هونەرمەند و گۆرانیبێژ و ئەکتەرەکانی ئەمریکا و ئەوروپادا باوە و باو بووە. هەڵشێوانی شێوەی ڕوخساری هەندێک لەو هونەرمەندە بەناوبانگانە، بووەتە مایەی تەوز و وێنەی سەیریان بڵاو ئەکرێتەوە. لێرەدا چەند وێنەیەکتان لەوانە بۆ دائەنێم، هەندێکیان وێنەی ئەوسا و ئێستای ئەو هونەرمەندانەیە.

---

سەرنجێکی گرنگ:

ئێمە ڕێگە بەخۆمان نادەین لە تاراوگەدا، هەرگیز دەستکاری نوسینی نوسەرانی ناسراو و بە ئەزموون بکەین، بە تایبەتی نوسینی کەسێکی وەک مامۆستا م. ئارام، کە ئێمە لە سەرەتای ساڵانی حەفتاوە ئاشناین بە داهێنان و چیرۆکە دەگمەنەکانی، بەڵام هەندێ نوسەری بەڕێز لە یەک نوسیندا، دوو ڕێنووسی جیاواز پەیڕەودەکات، یان هەڵەی چاپ ڕوودەدات، ئێمە ناچارین لەو حاڵەتانەدا، یەک ڕێنووس پەیڕەو بکەین و هەڵەکان چاک بکەینەوە. بۆ نموونە لەم نوسینەی مامۆستا ئارامدا، (دە، ئـــ)، بەکارهاتووە، ئێمە ئەمجارە دەستکاریمان نەکرد. تاراوگە پێی باشە هەمیشە(دە) بەکاربهێنێت، تا ئەو کاتەی زمانزانەکانمان خۆیان ساخ دەکەنەوە.

# چاوخشاندنێک بە چەندژمارەیەکی تاراوگە دا



نوسەری بەڕێز و ئازیزمان مامۆستا (نوری کەریم)، خاوەنی سێ بەرگی کتێبی (پانۆڕامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد) و کۆمەڵێک کتێبی دیکە لە بواری مێژوودا، زەحمەتێکی زۆری کێشاوە و لە ئەڵمانیاوە خوێندنەوەیەکی وردی لە ژمارە 1 ی تاراوگەوە بۆ ژمارە 9 ی کردووە و کۆمەڵێک سەرنج و تێبینیی بە نرخی دەربڕیووە، ئێمە وامان بەباشزانی، ئەگەر گونجا سەرجەمی نوسینەکەی لە ژمارەکانی ئایندەدا بە گویرەی دەرفەت بە ژمارەیەکی تایبەت بڵاوبکەینەوە، ئێستە هەندێ بڕگە لە نوسینەکەی بەبێ دەستکاری وەردەگرین. مامۆستا نوری کەریم دەفەرموێ: دەمێک بو دەمویست بەچاوی سەرنج و تێڕامانەوە ژمارەکانی بڵاوکراوەی (تاراوگە) بخوێنمەوە، بەڵام وەک زۆرێک لە خوێنەران نێوانم لەگەڵ خوێندنەوەی بڵاوکراوە ئەلێکترۆنی یەکاندا نییە، بەڵام وا زۆر لەخۆم دەکەم و لەیەکەمین ژمارەی (تاراوگە)وە، کە لە مانگی حوزەیرانی2018ەوە لە شاری ئەمستەردامـ هۆڵندا لەلایەن ڕێکخراوی (کوردمیدیا) وە، کە لە2013/11/11 ەوە، وەک ڕێکخراوێکی مەدەنیی مۆڵەتی کارکردنی پێدراوە، بەشێوەی چاپی ئەلەکترۆنیی و بەسەرپەرشتیی و سەرنوسەرایەتیی هاوڕێی ئازیز کاک سەردار فەتاح چاپ و پەخش دەکرێت. بەر لەوە چاوێک بە یەکەمین ژمارەدا بگێرم، پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەم بڵاوکراوەیە بیرۆکەو دەستپێشخەریی و ئامادەکردن و سەرپەرشتیکردنی کاک سەردار فەتاحە کە هەرخۆدی خۆشی سەرنوسەرە و تەنیاباڵ و بەدەم کاری رۆژانەو دابینکردنی بژێوی ژیان و ئەرکەکانی خێزان و منداڵەوە شانی داوەتە بەر پڕۆژەیەکی وەها قورس کە ئەگەر ئەشقی وشە و هۆگربون بە خوێندنەوە و خۆشەویستیی گەل ونیشتیمان لەئارادانەبێت، کاری نەکردەیە و بەتەنها کەسێک هەڵناسوڕێت، بەڵام ئەم پیاوە بەهیمەت و لە خۆبوردن و بێ دودڵی، یەکەمین هەنگاوی هەڵهیناو هەنگاوەکانیشی گورج و گورجتر دەکرد و لەماوەیەکی کورتی شەش مانگیدا لە حوزەیرانی 2018ـ کۆتایی 2018 توانیویەتی 27 ژمارەی تاراوگە بخاتە بەر دیدی خوێنەران.


## دیارییەکی نەورۆزی بۆ هۆگرانی مێژووی کوردستان:

## کوردستان و پرسی کورد ١٩٢٣-١٩٤٥

### میخائیل سیمیۆنەڤیج لازەرێف وەرگێڕ: مەنسوور سدقی، پێشەکی و پێداچوونەوە: دکتۆر جەبار قادر




# کتێبی (دەسەڵاتی ئەفسانە-ی جۆزیف کامبڵ)









نوسەر و وەرگێڕی کارامە سەلاح حەسەن پاڵەوان کتێبی(دەسەڵاتی ئەفسانەی) جۆزیف کامبڵی کردووە بە کوردیی و لە زمانی ئەو نووسەرەوە دەڵێ: کاتێ کتێبی (دەسەڵاتی ئەفسانە–ی جۆزیف کامبڵ)م خوێندەوە دەستم کرد بە کڕین و خوێندنەوەی هەموو کتێبەکانی، وەڵامێک لە نیو ئەو کتێبە زۆر کاری تێکردم، کاتێ مویرز لێی دەپرسێت...؟ ئایا بەردەاوم هەستت کردووە، کە دوو دەست ڕێنوێنیت دەکەن و نایانبینیت؟

کامبڵ لە وەڵامدا دەڵێت: (بەردەوام)، ئەگەر شوێنپێی خەونەکەت بکەویت، ئەوە تۆ بۆ خۆت ڕێگایەک دەستنیشان دەکەیت، ئەو ڕێگایە بەتایبەت پێشتر بۆت ئامادەکراوە، بەوێدا بەرەو پێش بڕۆی، ئەگەر دەتەوێت بەردەوام بەرەو پێش بڕۆ..! لێرەوە تۆ چاوت بەو کەسانە دەکەوێت، کە بەشیکن لەو خەونە و دەرگاکانت بەڕوودا دەکرێنەوە.

بۆیە کۆیلۆ دەڵێت: جۆزیف کامبڵ سەلماندنێکی ترە لەسەر ئەوەی، ئەگەر ئێمە شوێنپێی خەونەکانمان هەڵگرین، ئەوە شتەکان لە ساتی گونجاودا دێنەدی. هەر نووسەرێ لە ڕێگایەکەوە خۆی دەدۆزێتەوە، ئەم نووسەرانەی ئەم لینکەی خوارەوە هەریەکەیان شتێ دەڵێن لەسەر نووسەربوونیان:

https://www.ted.com/talks/lisa_bu_how_books_can_open_your_mind/transcript?language=fa&fbclid=IwAR3Jho8ULtE0RTvdtcaUW0NhZut1lxXW0PbLNAtb8BUrtLDoFhtF39nNCNc

# ڕۆمانی "سەد ساڵ دوورەپەرێزی" گابریال گارسیا مارکیز دەکرێت بە زنجیرەی تیڤی




کۆمپانیای ئەمریکی "نیفلیکس" مافی دانەری لە خانەوادەی (گابریال گارسیا مارکیز) وەرگرتووە، بۆ کارکردن لەسەر ڕۆمانی "سەد ساڵ دوورەپەرێزی" وەک زنجیرەی تیڤی. ئەم هەواڵە تۆڕی تەلەفزیۆنی (سی.ئێن. ئێن) بڵاوی کردەوە. ئەمە یەکەمین جارە خانەوادەی نووسەر رازیدەبن بەوەی ئەم ڕۆمانە وەک زنجیرەی تیڤی کاری لەسەر بکرێت. ئەم رۆمانە یەکێکە لە بەناوبانگترین ڕۆمانەکانی گابریال گارسیا مارکیز و بۆ زۆربەی زمانەکانی دنیا وەرگێڕدراوە. پابلۆ نیرۆدای شاعیری بەناوبانگ گوتویەتی "لە پاش (دۆن کیشۆتی سیرڤانتس)، (سەد ساڵ دوورەپەرێزی)، گەورەترین داهێنانی ئەدەبییە."

سەلاح حەسەن پاڵەوان

# وەرگێڕی کارامە مامۆستا جەوهەر مەحمود داراغا بناسە...!

## کورتەیەک لە ژیـانی مامۆستا جــەوهەر مەحمود داراغا




مامۆستا (جــەوهەر مەحمود حسین)، لە دایکبـــووی شاری سلێمانی ساڵــی (1949)یە. قۆناغەکانی خوێندنی لە قوتابخانەی سەرشەقام و نــەورۆزی سەرەتایی و ناوەندیی سلێمانیی تەواوکردووە، لە ساڵی (1967– 1968) بڕوانامەی (خانەی مامۆستایان ـ دارالمعلمین)ی سلێمانیی وەدەست هیناوە، لە ساڵی (1971) بووە بە مامۆستا لە گوندی (ئەحمەد بـڕندە)ی سەر بە ناحیەی (وارماوە).

هەرە لەسەرەتای لاوییەوە دەستی بە خوێندنەوەی چڕوپڕکردووە و جگە لە کاری مامۆستایی، خۆی لەسەر خوێندنەوەی ڕۆمانە بەناوبانگە جیهانییەکان پەروەردە کردووە، پاشان دەستی داوەتە کاری وەرگێڕان. یەکەم بەرهەمی چاپکراوی ڕۆمانی (هــەزارو یەک شەوە ـــ الف لیلە و لیلە)ی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە، بۆ زمانی شیرینی کوردی و سێ چاپی لێ بڵاوبۆتەوە. چاپی یەکەمی لە ساڵــی (2007)، بە چوار بەرگی جزوبەندکراو و بە تیراژی (1500) دانە، لە چاپخانەی (شڤان) بڵاوکراوەتەوە. چاپی دووهەمیشی بە تیراژی (1000) دانە و دیسان بە چوار بەرگ لە چاپخانەی (چوارچرا) لە ساڵی (2013)دا چاپکراوە. هەروەها چاپی سێیەمیشی لە (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە) و بە دوو بەرگی جزوبەنکراو و لە بۆکسێکی جواندا، بە تیراژی (1000)دانە چاپ بووە و لە (2015/11/14)دا، بڵاوکراوەتەوە. ڕۆمانی (شەڕو ئــاشتی ـ الحرب و السلم)ی ڕۆمان نـووسی ڕووسیی بە نــاوبانگ، (لیو تۆلستۆی)ی لە زمانی عەربییەوە وەرگێڕاوە، بۆ کوردی و (خانەی وەرگێڕان) لە ساڵی (2012) و لە (4) بەرگدا و بە تیراژی (750) دانە لە چاپی داوە. ڕۆمانی (قــومارچی ـــ الـمقامر)ی کەڵە نووسەری ڕووسی (دۆستویفسکی)ی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە، بۆ زمانی کوردی و لە ساڵی (2013)دا دەزگای (خانەی وەرگێڕان) بە تیراژی (500) دانە چاپی کردووە. ئەم ڕۆمانە بە تیراژی (1000) دانە و لە ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە) ساڵی (2015) بۆ جاری دووەم چاپکراوەتەوە.

مامۆستا جەوهەر پێداچوونەوەی بۆ کتێبی (تەندروستیی کوردستان بەرەو کوێ؟) لە نووسینی (جەمالی مەلا سەعید) کردووە، لە ساڵی (2009) لە چاپخانەی (گەنج) چاپکراوە. هەروەها هەڵەبڕی و پێداچوونەوەی بۆ کتێبی (سێ پرسیارەکە)ی بەڕێز نجم الدین کردووە .

* لە گۆڤــارو ڕۆژنامەکاندا چەندین نووسین و کورتەچیرۆک و کاریکاتێری بڵاوکردۆتەوە.

* ڕۆمانی (کەتنەکانی کچۆڵەیەکی لاسار)، لە نووسینی (ماریۆ بــارگاس یوسا)ی کردووە بە کوردیی و لە (ناوەندی هونەری و ڕۆشنبیریی ئەندێشە) بە تیراژی (1000) دانە لە چاپدراوە. ڕۆمانی (قەمبوورەکەی نۆتــردام ـــ احدب نوتــردام)ی ڕۆمان نووسی فەڕەنسی (ڤیکتۆر هۆگۆ)ی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی و بە تیراژی (1000) دانە و بە بەرگێکی جزوبەندکراو ساڵی 2015 دا لە (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە) چاپکراوە.

لەگەڵ خاتوو (هەوارداراغا)ی کچیشیدا، ڕۆمانی (کلیلەکەی سارا)یان، لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕاوە و لە (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە) بە بەرگێکی جزوبەندکراو، بە تیراژی(1000) دانە چاپکراوە .

* مامۆستا جــەوهەر مەحمود داراغــا، جگە لەو کتێبانەی لەسەرەوە ناومان هێنان، چەندین فیلمی دیکۆمێنتاریی زانستی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفیی وەرگێڕاوە، بۆ زمانی کوردی و بە دۆبلاژکراوی لە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سولەیمانییەوە



پەخشکراوە و بەردەوام پەخشدەکرێن.

لە ڕادیۆی(دەنگی کتێب) وەکو بەڕێوەبەر لە ناوەڕاستی ساڵی (2012) کاری کردووە و چەندین بەرنامەی لەو ڕادیۆیەوە پەخشکردووە لەوانە: گۆشەی (خەرمانی پەندی پێشینان) و (سروەی شاعیران)، (حیکایەتی هەزارو یەکشەوە)، کە لە خوێندنەوەی وەرگێڕ خۆی بووە و جێبەجێ کردنی (کاروان بلووری) و پڕۆژەی کلیپکردنی هەر چوار بەرگەکەی خوێندنەوەی (هەزارو یەکشەوە)ی خستە بەردەستی خاوەنی ڕادیۆی (دەنگی کتێب) و (قــاوەخانەی کلتووری)، تاکو دواتر بە کلیپ کراوی بەسەر سەنتەرەکانی نابینایانی هەرێمی کوردستاندا، دابەش بکرێت. بەڵام بە داخەوە، دوای خویندنەوەی (3) بەرگی ئەم شاکاری(هــەزارو یەکشەوە)یە، پڕۆژەکە بە کۆتا نەگەیشت و بە نیوەناچڵی مایەوە !

* مامۆستا جەوهەر ماوەیەک (بەڕێـوەبەری نووسین)ی گۆڤــاری وەرزی (سەنتەری ڕۆشنبیریی سەرا)ی سەر بە منداڵپــارێزی کوردستانیش بووە.

* هەروەها بەڕێوەبەری نووسین بووە، لە گۆڤــاری (ژەنــەر)ی مانگانەدا و یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارەیش لە کانوونی یەکەمی ساڵی (2001) و لە سلێمانی چاپ کراوە، نوێترین کاری وەرگێڕانی دوو ڕۆمانە: یەکەمیان (نرکەی چیاکە)ی ڕۆمان نووسی یابانی (یاسۆناری کاوباتا)یە، کە بە تیراژی (1000) دانە چاپکراوە و دووەمیان وەرگێڕانی شاکاری (بێنــەوایان – البؤساء)ی ڕۆمان نووسی فەڕەنسیی بە ناوبانگ (ڤیکتۆر هۆگــۆ)یە و لە (ناوەندی ئەندێشە) لە (2019/3/14) بە تیراژی (1000) سێت بڵاوبۆتەوە، هەروەها ڕۆمانی (کرێکارانی دەریا)ی (ڤیکتۆر هۆگۆ)ی وەرگێڕاوە و ئامادەی چاپکردنە.

* ئێستایش سەرقاڵــی وەرگێڕانی (هەرزەکارەکە ـــ المراهق)ی گەورە نووسەری ڕووسیی (دۆستۆفسکی) یەو چاوەڕوان دەکرێت، لــە سێ مانگی داهاتوودا کۆتایی پێ بهێت. بە مامۆستا جەوهەر دەڵێین، خەمان بەرەکەت و لەشساخ و تەمەندرێژ بێت.

# چالاکی ڕێکخراوە کوردییەکان لە تاراوگە

## ڕاگەیاندراوی کۆتایی ڕێکخراوی دیاکۆ

### لە ئاهەنگی نەورۆز و سەری ساڵی کوردی 2719 لە شاری بۆلزانۆ لە وڵاتی ئیتالیا




ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 23 ی مانگی مارتی 2019 لە شاری بۆلزانۆ، لە وڵاتی ئیتالیا بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی هەرچوارپارچەی کوردستان و چەندین ڕۆژنامەوان وتەلەفزیۆنی Rai TG3 و میوانانی دەرەوەی وڵات، ئاهەنگی نەورۆزی 2719 کوردی بەڕێوەچوو. ئەو ئاهەنگە لەلایەن ڕێکخراوی کولتوری کوردی دیاکۆ و بە هاوکاری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتالیا ڕێکختابوو، تێیدا کۆمەڵێک چالاکی و بابەتی جۆراوجۆر، بە بۆنەی نەورۆزەوە پێشکەش بە بەشداربووان کرا. لە گوتەی بەخێرهاتندا، فەیسەڵ خۆشناو، سەرۆکی ڕێکخراوی کەلتوری کوردی دیاکۆ گوتی: ئێمە وەک ڕێکخراوی کولتوری کوردی دیاکۆ سوپاسی هەموو بەشداربووان و میوانە بەڕێزەکان دەکەین، کە لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداربوون و بە جلی کوردی و دروستکردنی خواردنی کوردەواری بۆنەکەیان رازاوەتر کرد.

هەروەها سوپاسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی ئیتالیا دەکەین، کە تێچووی ڕێوڕەسمەکەی گرتە ئەستۆ و سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین، کە هاوکار و یارمەتیدەرمان بوون، لە بەڕێوەبردنی ئەو جەژنە. هەروەها ستایشی حەمید بەدرخانی کرد، کە لە وڵاتی ئەڵمانیاوە بۆ بەشداری ئەو چالاکییە ئامادەگیی هەبووە.. هەروەها سوپاس و ستایشی کوردانی هەرچوارپارچە کوردستان و ئیتاڵییەکانی کرد، سەبارەت بە ئامادەبوونیان ... لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا و گوتی: درود بۆ گیانی پاکی ئەو شەڕڤانە ئیاڵییاییە کە ناوی، (لۆرێنسۆ ئۆرسێتێی)یە ناسراو بە تێکۆشەر، کە بە نەژاد



ئیتاڵییە و خەڵکی شاری لۆرانسە، تەمەنی 33 ساڵ بوو، لە شەڕی داسەپاوی چەتەکانی داعش لە ڕۆژئاڤای کوردستان شەهیدکرا، لەو بۆنەیەدا پرسەو سەرەخۆشی بۆ خانەوادەکەی نێردرا.

شایانی باسە نوسەر و ڕۆژنامەنووس حەمید بەدرخان سەرۆکی ئە کادیمیای بەدرخان بۆ تویژینەوەی ڕۆژنامەوانیی و کەلتور، بە پێشکەشکردنی کورتە باسێک بەشداریکرد، سەبارەت بە نەورۆز و لە هەمانکاتیشدا پێشەنگایەکی کتێبی بۆ بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای بەدرخانی ڕێکخست، کە بریتیبوو لە سەد ناونیشانی جۆراوجۆر بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی... شایانی باسە منداڵە چاوگەشەکانی کورد لە وڵاتی ئیتاڵیا زۆرترین کتێبی منداڵانیان پێبەخشرا، سەرەڕای ئەوەی لەلایەن بەشداربووانەوە جێگای دەستخۆشی بوو، هەرلێرەشەوە سوپاسی بەرێز کاک حەمید بەدرخان دەکەین، بۆ بەشداربوونی لەو ڕێوڕەسمەدا، کە لە یادی جەژنی نەورۆز و ساڵی نوێی کوردی 2719 ڕێکخرابوو.

کۆڕەکە لەلایەن بەڕێزان سەلاح کۆنەفوشی و خانم سەرشین، بە زمانی کوردی و ئیتاڵی پێشکەشکران

جێی ئاماژەپێدانە ڕێکخراوی کەلتوری دیاکۆ ڕۆڵی گرنگ و تایبەتی بەڕێزان، سەلامی چاک و هێمن سوبحانی بەرزدەنرخێنی لە راپەڕاندنی کارە هونەریەکاندا ...

بەهیواین ساڵی ئاینده بەشێوەیەکی باشتر و ڕازاوەتر ئەو یادە پیرۆز بکەین ..


فەیسەڵ خۆشناو

سەرۆکی ڕێکخراوی کەلتوری کوردی دیاکۆ

ئیتاڵیا، بۆڵزانۆ 2019/03/23

# پەندی پێشینانی نەتەوەکان، پەندە نێونەتەوەییەکان
# پەڕتووکێکی نوسەری هۆڵەندی (خێرد دە لێی)






## پەندی عەرەبی:

لەو کەسە بترسەکەلێت دەترسێت.

ئەو کەسەی هێلکەیەک بدزێت، وشترێکیش دەدزێت.

## پەندی بولگاری:

گوندەکان شارەکان بەخێو دەکەن.

خواش بێ تاوان نییە، چونکەجیهانی دروست کردووە.

## پەندی ئەسیوپی:

نابێت سەرزەنشتی خوا بکەین کە پڵنگی دروست کردوە، بەڵکو دەبێت سوپاسگوزاری بین کە باڵی نەداوەتێ.

پەندێکی پێشینان بۆ کاتی ئاخاوتن، وەک خوێ وایە بۆناو خواردن.

ئەگەر بتەوێت بەناوچەیەکدا گوزەر بکەیت، کە دانەوێڵەی تێدا چێنرا بێت، دەبێت داسێک لەگەڵ خۆتدا بەریت.



**وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە:بەختیار شەمەیی**

بەشی پێنجەم و کۆتایی: پاشماوەی ژمارەی پێشوو

پیاوان لەمەترسی دەسڵەمێنەوە، ژنان تەنها لەدەموچاوی ترسناک.

تۆ هەر گەشت دەکەیت و گەشت دەکەیت، تا جارێک هەر دەگەڕێیتەوەبۆ ماڵەوە. تۆ هەر دەژیت و دەژیت، تا جارێک هەر دەگەڕێتەوەبۆ ناو زەوی.

کلک و پەشیمانی بەدوای یەکدا دێن.

ئەستێرەبچووکەکان هەمیشەدەدرەوشێنەوە، لە کاتێکدا کەخۆرەگەورەکەهەر خەریکی ئاوابوونە.

دڵی شێت لەدەمیدایە، دەمی گەوج لەدڵیدایە.

هەر کەسێک برسیی نەبێت، دەڵێت توێکڵی گوێزی هێندی رەقە.


کەدرەخت بەری پێوەنەما، هەموو کەسێک تفی تێدەکات.

گفتوگۆیەکی باش، باشترەلەجێخەوێکی باش.

# بەریتانیا دەمێک بوو چاوی بڕیبووە کەرکوک، بۆیە کاتێ ویلایەتی موسڵ بە پێی سایکس - پیکۆ بۆ فەرەنسا دانرا، کەرکوک تا زێی بچووک خرایە دەرەوەی ئەو دەڤەرەوە و بە ناوچەی دەسەڵاتی بەریتانیا مایەوە.

## ئەو ڕۆژانەی کەرکوک نیوەی باشووری کوردستان بوو!


### دکتۆر جەبار قادر






بە پێی دوا ژمارەی ساڵنامەی عوسمانی ویلایەتی موسڵ، کە ژمارە پێنجە و لە ساڵی 1912 دەرچووە، سنووری باکوری سەنجەقی "لیوای" کەرکوک هەکاری بوو، درێژ دەبۆوە تا سنووری دیالە. لە باکوری لیواکەوە تا باشوری، 72 سەعاتە ڕێ بوو، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بۆ ڕۆژئاوای 35 سەعاتە ڕێ بوو، بە گوتەی ئەو ساڵنامەیە. کەرکوک لە 6 قەزا، لە قەزاکانی: کەرکوک، هەولێر، ڕەواندز، ڕانیە، سەڵاحیە "کفری" و کۆیە پێکهاتبوو، 17 ناحیە و 1712 گوندیشی هەبوو. پانتایی سەنجەقی کەرکوک 38000 کم٢ بوو، کە دەکاتە نیوەی باشوری کوردستان، بە پێی زۆر لە سەرچاوە جوگرافییەکان، پانتایی باشوری کوردستان دەوروبەری 80000 کم٢. ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکوک لەو کاتە 89573 کەس بووە، ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە بووە بۆ ئەو سەردەمە. بەم پێیە سەنجەقی کەرکوک لە سەنجەقی موسڵ، کە ناوەندی ویلایەتەکە بوو، گەورە تر بوو. سەنجەقی موسڵ لە 6 قەزا پێکهاتبوو، کە قەزاکانی: موسڵ، ئاکرێ، ئامێدی، زاخۆ، دهۆک و سنجار بوون. پێنج قەزا لە قەزاکانی موسڵ قەزای کوردان بوون. ژمارەی ناحیە و ئاوایییەکانی موسڵیش لە کەرکوک کەمتر بوون، کە 15 ناحیە و 1627 گوند بوون. دەبێت هۆکارەکان چی بووبن بۆ ئەوەی کەرکوک لە ویلایەتەوە بکرێت بە سەنجەق و بخرێتە سەر موسڵ..؟

بەریتانیا دەمێک بوو چاوی بڕیبووە کەرکوک، بۆیە کاتێ ویلایەتی موسڵ بە پێی سایکس – پیکۆ بۆ فەرەنسا دانرا، کەرکوک تا زێی بچووک خرایە دەرەوەی ئەو دەڤەرەوە و بە ناوچەی دەسەڵاتی بەریتانیا مایەوە، دواتر فەرەنسای ناچار کرد، دەست لە هەموو ویلایەتی موسڵ هەڵبگرێت. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و داگیرکردنی باشوری کوردستان لە لایەن بەریتانیاوە و بە پێی پرۆژەکانی هەولێر و ڕەواندز و کۆیەی لە کەرکوک دابڕاند و لیوای هەولێری لێ دامەزراند، ڕانیەشی خستە سەر سلێمانی.






بەم شێوەیە لیوای کەرکوک، نیوەی سەرزەمینەکەی لە دەستدا. لە ئەنجامی ئەم لەتوپەت کردنەدا، پانتایی کەرکوک لە 38000 کم٢ەوە بوو بە 19873 کم٢ و 4 قەزا، کە قەزاکانی کەرکوک، داقوق، کفری و چەمچەماڵ بوون. 11 ناحیە و 1274 گوندیش سەر بەم لیوایە بوون. دوا لەتوپەت کردنی کەرکوک لە ساڵی 1976 بوو، کاتێ چەمچەماڵ و کەلار خرانە سەر سلێمانی و کفری درا بە دیالە و خورماتووش خرایە سەر تکریت، تەنها 3 قەزا کە قەزاکانی ناوەندی کەرکوک، داقوق و حەویجە مانەوە لە گەڵ 11 ناحیەدا. هەرچی گوندەکانە، ئەوا 90٪ گوندی کوردی کەرکوک، لە کاتی ئەنفالەکاندا وێران کران.

١ - خشەی یەکەم گەشەکردن و فراوانبوونی شاری کەرکوک دەردەخات لە سەردەمی کۆنەوە، بە تایبەتی لە سەدەی 13 تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم.
٢ – دوو نەخشەکەی تریش پێگەی جوگرافی لیوای کەرکوک لە هەردوو سەردەمی عوسمانی و عێراقی دەخەنە ڕوو.

سەرچاوە:

١– موصل ولايتى سالنامەء رەسميسيدر١٣٣٠سنه هجريەسنه أولمق أوزره بشنجى دفعه أولەرق، موصل مطبعه سنده طبع أولنمشدر .

٢ .الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الإحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي كركوك والسليمانية، طبعت بمطبعة العاني، بغداد، بلا.ت

2– المملكة العراقية، وزارة الشؤون الإجتماعية، مديرية النفوس العامة، إحصاء السكان لعام ١٩٤٧، الجزء الثاني، لواء الموصل – لواء كركوك – لواء السليمانية – لواء أربيل، بغداد ١٩٥٤.

# هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد





**بـەیـان مـانـی**


بەیان مانی هونەرمەندێکی شێوەکار و پەیکەرسازی ناسراوی کوردە، ساڵی 1967 لە ناوچەی خانەقین لە باشوری کوردستان لەدایک بووە، دەرچووی زانکۆی بەغداد کۆلێجی هونەرە، دکتۆرای لە هونەری شێوەکاریی بەشی پەیکەرسازیدا وەرگرتووە، تا ئێستا بیست پەیکەری لە گۆڕەپانەکانی کوردستاندا دروستکردووە و 12 پیشانگای تایبەتی و بەشداری پەنجا پیشانگای هاوبەشی، لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەی لە کوردستان و دەرەوەدا کردووە.


د. بەیان مانی سەرۆکی بەشی شێوەکارییە، لەکۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی و جگە لە کاری هونەری دەستی هۆنراوە نوسینیشی هەیە. هونەری پەیکەرتاشی پەیوەندییەکی تۆکمەی هەیە بە هونەرەکانی ترەوە، تا دەگاتە ئەنجامی کۆتایی. هونەرمەندی پەیکەرتاش هونەری وێنەکێشان بەکاردەهێنێت بۆ دیاریکردنی هێڵە گشتییەکانی کارە بەرجەستەکراوەکانی، پێویستی بە بەکارهێنانی هونەری ئەندازیارییە بۆ پێوانەکردنی سێ دوورییەکە (بەرزی، پانی، درێژی)، هونەری وێنەگرتنیشی پێویستە، وەک پێشبینییەک بۆ شێوەی پەیکەرەکەی. هونەرمەند گەلێک کاری هونەری ناوازەی هەیە، وەکو دروستکردنی پەیکەری هێمای ئەنفال لە رزگاری کەلار و بە دانەری یەکەم دەزگای قاڵب و دروستکردنی پەیکەر بە برۆنز دادەنرێت بۆ کاری هونەری لە کوردستاندا و خاوەنی گەلەری تایبەتی خۆیەتی بەناوی گەلەری (بەیان مانی) لەشاری سلێمانی.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.facebook.com/bayan.mani/media_set?set=a.276731539079467&type=3
















## تــاراوگــه

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807